# ئەریٚ کفرئەبیٚ وەزیریٚکیش بگرن؟ *

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

رۆژنامەنووسان ئەگیریٚن لەبەر ئەوەی کە زیادەڕەوی ئەکەن لە ووتنی شتە نەوتراوەکان و درکاندنی راستیە حەرامکراوەکاندا، کەچی وەزیرەکان زیادەرەویش ئەکەن لە دەعوەت و بودجەو داراییە گشتییەکاندا و هیٚزیش نییە پیٚیان بلیٚ ئەوە ناترسن لە گرتن و گرتوخانە؟! لەم رۆژانەدا وەزیریٚکی گەلاویٚژی(بە پیٚکەنینەوە) بەمنی گووت ئاسۆ ئەم کابینەیە کابینەی پیٚشوونییە ئاگات لە خۆت بیٚ؟سەیری ئەم قسە ستالینیەی ئەم برایە بکەن، ئەو برایەی کەتادویٚنیٚ ئۆپۆزسیۆن و رەخنەگریٚکی سپیٚشلٚ بوو ئەمرۆش وەزیریٚکی عاقلٚ و گویٚ لە مست،باشە هەی جەناب عالی و پیاوی موشەڕەڤ هەلٚبژیٚردراوی حیزب و بنەمالٚە ئەبیٚ ئەو قسەیە رۆژنامەنوس بیکات یان وەزیر؟ ئەبیٚ تۆ ئەگەری ترس و گرتنت هەبیٚ یان منیٚك کە خاوەنی خۆشم نیم، تۆی دەستنیشانکراو یەك مانگی ترنابا بە بریاریٚکی ئەنجومەنی وەزیرانی نویٚ ئیمتیازبارانتان ئەکەن و ئەرزەیەکی 600 مەتری و نەسریەیەکی 100 وەرەقەیی و موچەیەکی 50 وەرەقەیی و مۆنیکایەکی 2007 و سکرتیٚرەیەکی مۆدیٚل 90 و سەفەریٚکی چەورونەرمی ئەوروپایشتان بۆ دابین ئەکەن و ئیٚمەش هەر رۆژەی بە بیانوویەك و بەیاساکانی بەعس ئەمانخەنە کونجی زیندان، وانییە جەناب وەزیر؟! تۆی وەزیر کە ئیٚستا هیچت نییە بەیانی ئەبیتە خاوەن دیوەخان و ڤیٚللاو مەعرەزی سەیارات و باخە شلیك و خانەباخی دەرەوەی شارو لەسەر ئەم خیٚرا دەولٚەمەندبوونەشت کەسیٚك نییە بتگریٚ و پیٚت بلیٚ باشە جەنابی وەزیر ئەمانەت لە کویٚ بوو؟!یەك دوو سالٚی دیکە من ئەتوانم بلٚیٚم کۆمەلٚیٚ دەولٚەمەندی دیکە زیادی کردووە بۆ کوردو بەتۆش بلٚیٚم بیرت دیٚ ئەی وەزیر ئەو رۆژەی کە کابینە 42 وەزیریەکەی یەکگرتنەوە پیٚکهیٚنرا تۆ بە چ سەیارەیەك چویت بۆ هەولیٚر تا سویٚندی وەزیریی بخۆیت؟ بیرت دیٚ چەند داماوو هەژار بوویت و لە چ خانویەکیشدا ژیانت ئەگوزەراند؟ ئەوە ئیٚوەن ئەبیٚ بگیریٚن ئەی عالیەلمەقامەکانی وەزیرایەتی کوردی بیٚدەولٚەت و بیٚ شوناس نەك ئیٚمەی رۆژنامەنووس کە وەك دەشتەکی و کویٚستانگەرەکان گولٚەوەچنی ئەکەین بۆ چنینەوەی حەق و راستیەکان تا ئیٚوەی پیٚ دادگایی بکەین و دلٚڕەقی و ستەم و ناعەدالەتیەکانی ئیٚوە کەشفکەین و بەوحالٚەشەوە وازمان لیٚناهیٚنن، ئیٚمە بشگیریٚین گرتووخانەکان لە مالٚەکانمان خۆشترە چونکە هیچ نەبیٚ کریٚی مانگانەی نییە، لیٚ ئیٚوە بۆیەك جاریش بگیریٚن مەغزای قولٚی خۆی هەیە، خۆ ئەگەر نەشگیریٚن بەهیوام ئیٚمەش وەك کورد لە کابینەی نویٚدا دەستەیەکی نەزاهە دامەزریٚنین تا لیٚپیٚچینەوەی تاقەتپروکیٚنتان لەگەلٚ بکات لە ئەمڕۆی دەستبەکاربوونتانەوە تا ڕۆژی حەشری وازهیٚنانتان؟! بائەوکات بڕیارەکان رەوتی ئاسایی خۆیان وەربگرن و یاساو مەدەنیەتیش حاکم بیٚ و شەن و کەوی خۆی بکات، ئەوکات بزانن توخوا گرتووخانە مالٚی رۆژنامەنوسە یان مالٚی ئیٚوە؟ برادەریٚکم ووتی ئەترسم لیژنەی نەزاهەکەشمان راپیٚچی زیندان بکریٚن!!

* ئەم ووتارە لە گۆشەی پەنجەرەی هەفتەنامەی (ئاویٚنە) ژمارە 19 رۆژی 2006/5/16 بلاٚوکراوەتەوە.